*Journal of Language Studies.* Vol. 5 , No.3, Spring 2022 , Pages (204-229)

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Multifunctional structure morphemes in structured word formation
# (The role of prefixes, for example)

**Dr. Shahab Tayeb Tahir***
**Rabrin University**
shahab@uor.edu.krd

&

**Rojan Qadir Abubakr**
**Rabrin University**
rozhanqadir2020@gmail.com

**Recived:** 23 /3/ 2022 , **Accepted:** 2/5/2022 , **Online Published :** l7/7/2022

## Abstract

The research is entitled "Morpheme Multi-functionality (of Prefixes) in Constructing New Words, Complex Words for Example". Multi-functionality here means morphemes (prefixes) undertake several functions in creating complex words. Accurately, language gives diverse roles to morphemes as an indication for their various functions. This is a method originates in language itself, in which most of the morphemes with their various types are actively engaged for enriching the language lexicon. This role depends on the productivity of the morpheme, for instance, by adding the prefixes to the free morphemes several new meanings can be achieved in different parts of speech . It is the worth of mentioning that there are several researches about multifunctionality in Kurdish Kirmanji Dialect, but nothing has been done about prefixes solely and purely yet which is the prominent goal of this research. Samples and explanations of the research have been taken from this above mentioned dialect that specify the scope of it. Only Morphological level is taken into consideration to fulfil the research as a criteria that is why it can be regarded as a descriptive analytic research.

The significance of this research comes out in indicating of theses prefixes that participate to construct words actively in Kurdish language. Prefixes are

* **Corresponding Author**: Dr. Shahab Tayeb, **E.Mail**: shahab@uor.edu.krd
**Tel**: +96407501556411, **Affiliation**: Rabrin University - Iraq

focused on, especially in relation to some specific parts of speech such as *nouns,adjectives, adverbs, base and numbers*. Finally, in addition to results and references, a sufficient summary in both Arabic and English languages is referred to.

**Keywords:** Morphology, Kurdish language, linguistic dictionaries, derivative words.

# أشكال البنية متعددة الوظائف في تكوين الكلمات المنظمة

## (دور البادئات ، على سبيل المثال)

ا.د.شهاب طيب طاهر

**جامعة رابرين**

**و**

روژان قادر ابوبكر

**جامعة رابرين**

**الملخص** : هذا البحث بعنوان (المتعدد الوظيفي للمورفيمات الصرفية في بناء الكلمات المشتقة (السوابق الصرفية انموذجا)، المتعدد الوظيفي للمورفيمات في اللغة الكوردية، يلعب دورا هاما فى بناء الكلمات المشتقة عن طريق السوابق الموجودة في اللغة الكوردية، حيث تلصق تلك السوابق ببعض من اقسام الكلام مثل (الاسم والصفة والظرف والعدد والمصدر) وتكون منها كلمات مشتقة. من هنا تبرز دور تلك السوابق، اي يبين لنا التعدد الوظيفي لتلك السوابق ومع اي قسم من اقسام الكلام تكون اكثر عدد ممكن من الكلمات ومع اي قسم من اقسام الكلام تكون غير فعالة في بناء الكلمات المشتقة. كذلك تم التطرق الى مفهوم المتعدد الوظيفي وانواعها وخصائصها والفرق بينها وبين المورفيمات المقيدة المزدوجة. اي المورفيمات المقيدة ذو الوظيفة المعجمية والنحوية. ولهذا الغرض ولمعرفة دور والتعدد الوظيفي لتلك المورفيمات المقيدة الصرفية، اخترنا السوابق لتكون نموذجا لبحثنا و ظهر لنا من خلال البحث في المصادر المختلفة الموجودة بعلم الصرف اللغة الكوردية والمعاجم اللغوية ومصادر اخرى، بان اكثر قسم من اقسام الكلام الاكثر مشاركة مع تلك السوابق في بناء الكلمات المشتقة هي الاسم والصفة والمصدر والظرف، وان العدد كقسم من اقسام الكلام لا يكون كلمات مشتقة باضافة السوابق. وكذلك تبين لنا بان هناك مجموعة من السوابق التي تلعب ادوارا مختلفة في بناء الكلمات المشتقة بصور متفاوتة، فالبعض منهم يعتبرون من السوابق الفعالة في بناء الكلمات المشتقة ومنهم من السوابق الغير فعالة في بناء الكلمات المشتقة.

**الكلمات الدالة:** علم الصرف ، اللغة الكوردية ، المعاجم اللغوية ، الكلمات المشتقة .

# فرەئەركی مۆرفیمە بەندە دارِشتنەكان لە پێكهێنانی وشەی دارِێژراودا

# (رِۆڵی پێشگرەكان بە نموونە)

**توێژینەوەیەكی هەڵێنجراوە، لە نامەی ماستەر لە زمانی كوردیدا، بەناونیشانی: (فرەئەركی مۆرفیمەكانی بەندی دارِشتن لە زمانی كوردیدا).**

**ا.د. شهاب طيب طاهر - جامعة رابه رين/ كلية التربية - قلعةدزة**

**روژان قادر ابوبكر - جامعة رابه رين/ كلية التربية – قلعةدزة**

## پێشەكی

-**ناونیشانی توێژینەوەكە**: فرەئەركی مۆرفیمەكانی بەندی دارِشتن (پێشگرەكان) بە نمونە لە پێكهێنانی وشەی دارِێژراودا.

مەبەست لە فرەئەركی لێرەدا ئەوەیە، كە مۆرفیمە بەندەكان ئەركی جیاجیا لە پێكهێنانی وشەی ناسادە دەگێرِن، وردتر بڵێین زمان لە كاركردنیدا ئەركی هەمەجۆر بە مۆرفیمەكان دەسپێرێت و ئەم كارەش بۆ پیشاندانی رِۆڵی هەمەجۆری ئەم مۆرفیمانەیە، ئەمەش رِێگایەكە لەناو خودی زماندا سەرچاوەدەگرێت، كە چالاكانە زۆربەی مۆرفیمەكانی بەچەشن و جۆرەكانیەوە خستۆتەگەرِ، بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگەكەی، ئەم ئەركەش بەپێی بەرهەمداری مۆرفیمەكانە، بۆ نمونە زۆر مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژ بە لكاندنیان بە مۆرفیمە سەربەخۆكانەوە، چەندەها واتای نوێ لە چەند بۆرِێكی بەشە ئاخاوتندا سازدەكەن.

- **هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە**: لە (زمانی كوردی – دیالێكتی ناوەرِاست)دا، چەند توێژینەوەیەك هەن، باسی فرەئەركی دەكەن، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تایبەتكراوە بە فرەئەركی مۆرفیمەكانی بەندی دارِشتن، كە لەم بەشەدا پێشگرەكان بە نموونە هێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی توانای پێشگرەكان لە پێكهێنانی وشەی دارِێژراودا بە دەربخرێت، هەروەها ئەوە دیاریبكرێت، كە كام پێشگر لەو پێكهێنانەدا چالاكە و لەگەڵ كام بەشە ئاخاوتندا زۆرترین بەشداری دەبێت. هەروەها دیاریكردنی ئەركی ئەو پێشگرانەی كە سستن لە پێكهێنانی وشەی دارِێژراودا.

- **سنور و كەرەستە بەكارهاتووەكانی توێژینەوەكە**: نمونەو شیكردنەوەكانی ئەم توێژینەوەیە، بە زاری كرمانجی ناوەرِاست وەرگیراون. واتە زیاتر سوود لەو كتێب و گۆڤار و توێژینەوانە و لێكۆڵینەوانەوە و ...هتد،وەرگیراوە، كە بەو زارە نووسراونەتەوە.

- **رِێبازی توێژینەوەكە**: ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی وشەسازیدا ئەنجامدراوە، بۆیە دەكرێت سود لە رِێبازی (وەسفی – شیكاری) وەربگیرێت. واتە نموونە وەرگیراون و یاساكانی و چۆنێتی پێكهاتنیان شیكراوەتەوە و رِوونكراوەتەوە.

-**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەكە**: سودی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، كە دەكرێت دەستنیشانی ئەو پێشگرانە بكرێت، كە رِۆڵیان لە دارِشتنی وشە لە زمانی كوردیدا هەیە. واتە ئەو ئەركە جیاوازانەی پێشگرەكان دەخاتەرِوو و فرەئەركییان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەكان دیاریدەكات.

-**ناوەرِۆكی توێژینەوەكە**: لە دوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا چەمكی فرەئەركی و جۆر و تایبەتمەندییەكانی رِوونكراوەتەوە، هەروەها ئەركی (پێشگر)ەكان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەكانی

(نــاو ، ئاوەڵنــاو ، ئــاوەڵکردار ، چــاوگ، ژمــارە) دیــاریکراوە، کــە وشــەی داڕێژراویــان پێکهێنـاوە، لە کۆتاییدا ئەنجـام و ئەو سـەرچاوانەی کە سـودیان لێوەرگیراوە خـراونەتەڕوو، هەروەها پوختەیەکی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی وئینگلیزی دیاریکراوە.

### فرەئەرکی مۆڕفیمە بەندە داڕشتنەکان لە پێکهێنانی وشەی داڕێژراودا:

#### ١/ مۆڕفیمی فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا:

چەمکــی فرەئەرکــی (multifunctional)، لە زمانــدا (multi) بە واتــای (زۆر ، فرە) دێت، لە بنەڕەتدا وشـەیەکی یۆنـانییە (multus) بە واتـای (زۆر ، فرە ، هەمەجۆر) هاتووە، (function) بە واتای (ئەرك ، کاردەکات ، ئەرکی وایە) دێت، چەمکی فرەئەرکی لە زمانـدا ئەوە دەگەیێنێت کەرەسـتەیەکی زمـان بتوانێت زیـاد لە ئەرکێك نیشـانبدات، بەشـی هەرە زۆری بەشە ئاخاوتنەکان فرەئەرکن و زیاد لە ئەرکێك دەبینن، لە ئاستی مۆڕفۆلۆژیدا بەشە ئاخاوتنەکان بەشداری پێکهێنان و دروستکردنی پێکهاتەکان دەکەن (حمدامین، ٢٠١٤: ١). ئەوەی لێرەدا بە دیاردەکەوێت بەشی هەرە زۆری بەشە ئاخاوتنەکان فرەئەرکیان تێدایە و ڕۆڵیـان لە دروسـتکردنی مـۆڕفیمی فرەئەرکـی هەیە، بە لەبەر چـاوگرتنی تایبەتمەنـدی زمانەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم بابەتە لە زمانە ئەرکیەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە و بەرچاودەکەوێت، چونکە ئەمە بە زۆری بە گیرەکەکانی ئەم زمانەوە دیارە، بە شێوەیەکی وا کە یەك مۆڕفە، بەڵام لە یەك کاتدا چەند ئەرکێکی ڕێزمانی لە دووتوێیدا کۆبۆتەوەو هەموو ئەو ئەرکـانە دەردەبڕێـت (خـدر، ٢٠١٠: ٤٠). ئەمەش ئەوە دەردەخـات، کە فرەئەرکـی لە زمانەکاندا پەیوەستە بە جۆری زمانەکەوە، لە هەندێك زماندا فرەئەرکی زیاترە بە بەراورد بە هەندێك زمـانی تـر، واتـا زمانەکـان جیـاوازن لەوەی، کە کەرەستە زمانیەکـان، تـا چەند ئەرك دەگێڕن ئەمە بە پێی زمانەکە دەگۆڕێت، ئەو زمانانەی، کە ئەرکین فرەئەرکـی تێیانـدا زیاترە، چونکە لەو زمانانەدا مۆڕفیمەکان زیاتر لە ئەرکێك دەبینن، بۆیە فرەئەرکـی تێیاندا زیــاترە بە بەراورد بە زمانەکــانی تــر. (د. شــەهاب شــێخ طیــب) لە کتێبــی (وشەســازی کــارەکی)دا، کە بــاس لە مـۆڕفیمی دوو لانە دەکـات، کە هەر مەبەسـتی فـرەئەرکییەکەیە و دەڵێت: ((هەر مۆڕفیمێك، جـا مـۆڕفیمی سەربەسـت، یـان بەنـد بێت، ئەگەر ئەرکـی لە دوو ئاستی زمان، یان زیاتر داهەبێت، دەکرێت بە مـۆڕفیمی دوو لانە، یـان فرەلانە دابنرێت.)) (طاهر، 2021: 12). لەبەر ئەوەی ئاشکرایە کە ئاستەکانی زمان تێکچرژاون و هەموویـان تەواوکەری یەکترن و زمـان پێکدێنن، هەر ئەمەش وایکردووە کە مۆڕفیمەکـان لە زیـاتر لە ئاستێکدا ئەرکیان پێسپێردراوە، هەر بۆ نمونە لە زمـانی کوردیدا، هەندێك پێشـگر و پاشـگر هەن جگە لەوەی کە ئەرکی سینتاکسی دەبینن، لە هەمان کاتیشدا وەك مۆڕفیمێکی وشەداڕێژ لە پێکهاتەی وشەکانیشدا بەشـداری دەکەن و وشـەی نـوێ پێکدێنن، واتە ئەرکـی فەرهەنگـی دەبینن، هەروەك (حەیدەر حاجی خدر) لە ماستەر نامەکەیدا، کە بەناونیشـانی (تایبەتمەنـدییە مۆڕفۆلۆژییەکانی زمـانی کـوردی لە ڕوانـگەی پۆلێنی مۆڕفۆلۆژییـانەی زمانەکـانەوە)، بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: ((مۆڕفێك دەکرێ چەند مۆڕفیمێك بنوێنێ، بەڵام لەیەك کاتدا نـا، بەڵکو لەشوێنی جیاجیا، واتە ئەو مۆڕفە لەشوێنی خۆی دەبێتە ئەلۆمۆڕفێکی مۆڕفیمەکە.))

(خدر،٢٠١٠: ١١٠). لێرەدا ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە فرەئەرکی مۆڕفیمەکان تەنیا لە یەك ئاستدا نییە، بەڵکو لە هەموو ئاستەکانی زماندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە ڕووی زۆری و کەمییەوە جیاوازیان هەیە.

### ٢/ جیاوازی مۆڕفیمی فرەئەرکی و دوولانە:

مۆڕفیمی دوولانە، ئەوانەی کاریان لە وشەسازی کوردی کردووە، جیاوازی لە نێوان (مۆڕفیمی دوولانە) و (فرەئەرکی)دا نابینن. مۆڕفیمی دوولانە ئەوەیە، کە لە دوو ئاستی زماندا ئەرك بگێڕێت، وەك ئەرکی فەرهەنگی، لە ئاستی وشەسازیدا و ئەرکی ڕێزمانی لە ئاستی سینتاکسدا، بۆ نمونە مۆڕفیمی (ی) وەك پاشگر لە کۆتایی وشەی (جوان)، کە دەبێتە (جوانی) و لە کۆتایی (قەدی کردار)ی چاوگی (کردن)، کە دەبێتە (کردی) ڕۆڵی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك دەبینێت، واتە لە دوو ئاستدا ئەرکی بینیوە، مۆڕفیمی دوولانە ئەو مۆڕفیمەیە، کە نواندنی دوو مۆڕفیم دەکات، یان مۆڕفیمێك دوو واتای هەبێت (بعلبكي، ١٩٩٠: ٣٨٦). فرەئەرکیش ئەوەیە، کە مۆڕفیمێك زیاتر لە ئەرکێکی هەبێت. جا ئەو ئەرکانە، چ لە ئاستێکدابێت، یان زیاتر لە ئاستێك، بۆیە جیاوازیەکە زۆر زەق نییە، تەنها لەو خاڵەدا دەردەکەوێت. دیارە فرەئەرکی مۆڕفیمەکان و گۆڕینیان بۆ بەشە ئاخاوتنی تر، بەهۆی مۆڕفیمە بەندەکانەوە دیاردەیەکی هاوبەشی زمانەکانە، لە زمانی ئینگلیزیدا مۆڕفیمی بەندی پاشگر لەم بوارەدا چالاکە، بۆ گۆڕینی بەشە ئاخاوتن لە بەینی (ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار)، دارشتن و بچووککردنەوەی ناو، بەشەکانی تر لە زمانی ئینگلیزیدا بە هۆی مۆڕفیمی پاشگرەوەیە (Katamba, 2006: 49-50).

- **تایبەتمەندییەکانی مۆڕفیمی دوولانە:**

1) مۆڕفیمی دوولانە سنوردارن و ژمارەیان کەمترە، بە بەراورد بە مۆڕفیمەکانی تر.
2) زیاتر لە ئەرکێك دەبینن، چ ئەرکی ڕێزمانی ، چ ئەرکی دارشتن.....هتد.
3) ڕەنگە مۆڕفیمێك لە دیالێکتێکدا دوولانە بێت و لە دیالێکتێکی تری زمانی کوردیدا دوولانە نەبێت، وەك مۆڕفیمی (نا) لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دەبێتە مۆڕفیمی دوولانە، چونکە ئەرکی پێشگری ڕێزمانی و پێشگری دارشتن دەبینێت، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی سەروودا تەنیا ئەرکی نەرێکردن دەبینێت.
4) دوولانە لە ناو مۆڕفیمی (پێشگری ڕێزمانی و پاشگری ڕێزمانی و پێشگری دارشتن و پاشگری دارشتن و ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی لێکدان و ناوبەند)دا دیارە.
5) هۆکاری دروستبوونی مۆڕفیمی دوولانە، تەنیا سوتفە و ڕێککەوتنە. (عەلی، مونیب، ٢٠١٦: ٢٢١-٢٢٢).

### ٣/ جۆرەکانی فرەئەرکی:

#### یەکەم/ فرەئەرکی یەك ئاست:

مەبەست لە فرەئەرکی یەك ئاست لێرەدا ئەوەیە کە (مۆڕفیمێك) توانای هەبێت لە یەك کاتدا چەند ئەرکێك ببینێت، وەك ئەم پێشگر و پاشگرانە کە دەتوانن لە ئاستی مۆڕفۆلۆژیدا چەند ئەرکێك ببینن، بۆ نمونە هەندێك لەو پێشگر و پاشگرانە دەخەینەڕوو:

- پێشگر وەك: (پێ ، تێ ، لێ ، بێ ، هەڵ ، ڕا ، هاو ..... )

- پێ : یەكێك لەو پێشگرانەیە، كە ئەركی جیاواز دەبینێت ئەركەكەشی بریتییە لە :

أ- ئەركی داڕشتن دەبینێت لە داڕشتنی وشەی نوێدا، وەك: پێ + چاوگ = وشەی داڕێژراو

لەوانە: (پێبڕان ، پێبوون ، .... هتد) (ئۆمەر، ٢٠٠٣: ١٣٩).

ب- ئەركی گۆڕینی بەشەكانی ئاخاوتن دەبینێت و دەچێتە سەر ڕەگی كار و ناوی داڕێژراو دروست دەكات، وەك: پێ + ڕەگی ڕانەبردووی كردار = ناوی داڕێژراو

وەك: پێنووس ، پێخەف ، .... هتد. (حمدامین: ٢٠١٤، ٦٥ – ٦٦)

- تێ : یەكێكی تر لەو پێشگرانەی كە ئەركی جیاواز دەبینێت لەیەك كاتدا ئەویش پێشگری (تێ)یە.

1) ئەركی داڕشتن دەبینێت لە وشەی نوێدا: تێ - / + چاوگ = چاوگی داڕێژراو ( تێچوون ، تێخستن ،..... هتد ).

2) ئەركی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت وەك : تێ - / + ڕەگی كار = ناوی داڕێژراو

وەك: تێنووس ، ...هتد.

3) ئەركی پێشگری ناسادە دەبینێت كاتێك لەگەڵ ئەم پاشبەندانەدا دەردەكەوێت : (تێ -) + پاشبەندی ( وەر ، ك , وە ، ڕا ، دا ) = پێشگری ناسادە ( تێوەر ، تێك ، تێوە ، تێڕا ، تێدا ) وەك:

(تێوەردان ، تێكدان ، تێوەگلان ، تێڕامان ، تێدابوون).

4) ئەركی ناوی بكەری داڕێژراو دەبینێت كاتێك لەگەڵ ( + ك ) + ناوی بكەر دەردەكەوێت، وەك: (تێ -) + ك + ناوی بكەر = ناوی بكەری داڕێژراو، وەك: ( تێكدەر ، تێكهەڵسوڕاو ... )، كەواتە ( تێ ) یەكێكە لە مۆرفیمە بەندە چالاكەكان لە ئاستی وشەسازیدا.(ڕەشید، حمدامین، ٢٠١٦: ٤٤١).

**دووەم/ فرەئەركی زیاتر لە دوو ئاست:**

مەبەست لە فرەئەركی زیاتر لە دوو ئاست ئەوەیە كە مۆرفیمێك بتوانێت زیاتر لە دوو ئاست ئەرك ببینێت، لێرەدا هەوڵدەدرێت ئەوە ڕوون بكرێتەوە كە ئەو مۆرفیمە بەندە داڕشتنانەی زیاتر لە ئاستێك ئەرك دەبینن بخرێنەڕوو، چونكە ڕوونە ئەم دیاردەیە لە زمانی كوردیدا بوونی هەیە، هەندێك (پێشگر و پاشگر) لە زمانی كوردیدا هەن، كە لە ڕێزماندا كاردەكەن و ئەركی سینتاكسی دەبینن، هەروەها وەكو مۆرفیمێكی وشەداڕێژیش بەشداری دەكەن و لە ئاستی واتاش، گۆڕان بەسەر واتای وشەكە دادێنن، لێرەدا پێویستە چەند نمونەیەك بخرێتە ڕوو، لەو مۆرفیمە بەندە داڕشتنانەش، وەك:

1) مۆرفیمی بەندی ناكردن : نەرێكردن وەك كردەیەكی سینتاكسی، لە زۆربەی زمانەكاندا بە هۆی مۆرفیمی بەندەوە دەكرێت، بەڵام زۆرجار دەشێت ئەم كردەیە بە هەمان كەرەستە لە ئاستی فەرهەنگیشدا هەستی پێبكرێت، بەتایبەتی هەندێك گیرەك هەن، كە دەتوانن چەكی نەرێی فەرهەنگی و ناكردنی سینتاكسی بگەێنن، لە هەمان كاتیشدا لە ڕووی واتایشەوە گۆڕان بەسەر واتای وشەكەدا دێت بۆ نمونە :

ناخۆش ، ناشاد ، نالەبار،.... ( مۆرفیمی فەرهەنگی )

نا ناچم ، نارۆم ، نانووسم ، ...... ( مۆرفیمی ڕێزمانییە )

لە ڕووی واتاشەوە چەمکی نەرێکردن دەگەیێنێت (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٧٥).

ئەگەر لەم مۆرفیمە بەندە وردبینەوە دەبینین، کە لە هەر سێ ئاستدا ڕۆڵی هەیە و لە هەریەکێک لە ئاستەکان ئەرکێك دەنوێنێت، لە ئاستی مۆرفۆلۆژی وشەی تازە بەرهەم دەهێنێت، لە ئاستی سینتاکسی ئەرکی نەرێ دەگەیێنێت، لە ڕووی واتاشەوە بەهۆی ئەم مۆرفیمە کاتێك کە بخرێتە سەر وشەکە ئەوە واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، چەمکی نەرێ دەگەیێنێت، کەواتە لە زمانی کوردیدا دیاردەی وەها هەیە، کە تاکە مۆرفیمێك بتوانێت لە سێ ئاستدا ڕۆڵ بگێڕێت، ئەم دیاردەیە نەك هەر تەنیا لە زمانی کوردیدا، بەڵکو لە زمانی ئینگلیزیشدا هەیەو ئەم جۆرە لەم زمانەدا ژمارەیان بێسنورە و زۆربەی کات لە ئاستی وشەسازیدا وشەی نوێ بەرهەم دەهێنێت و لە ئاستی سینتاکسیشدا ئەرکی جیاواز بە وشەکە دەبەخشن، بۆ نمونە ئەم پاشگرانە: (( nee-ment , ity , ance , ive ship , ate, ation .... , )) ، بۆنمونە : happy ( دڵخۆش )، ئەرکی لە ڕستەدا (ئاوەڵناوە) لە کاتی زیادکردنی مۆرفیمی ( - ness ) دەبێتە ( happiness ) ئەرکەکەی دەگۆڕێت بۆ (ناو) .

- (I am happy. / من دڵخۆشم.) ( ئاوەڵناوە )
- (I am looking for happiness. / بە دوای دڵخۆشیدا دەگەڕێم.) لێرەدا وشەکە لە ئاوەڵناوەوە دەگۆڕێت بۆ ناو، لەناو ڕستەشدا ئەرکی وشەکە دەگۆڕێت.

هەروەها پاشگری ( ity ) کاتێك دەچێتە سەر ئاوەڵناو، دەیگۆڕێت بۆ ناو، وەك: (active ) بە واتای چالاك دێت لە ڕستەدا، بۆ نمونە لە ڕستەی ( he is a very active. -) واتە ئەو کوڕێکی زۆر چالاکە، لێرەدا وەك ئاوەڵناوە، بەڵام کاتێك پاشگری ( ity ) دەخرێتە سەر ( activity )، بەمەش ئەرکی لە ڕستەکەدا دەگۆڕێت بۆ ناو، بۆ نمونە ( pointing is - my favorite activity. ) واتە وێنەکێشان دڵخوازترین چالاکی منە، لێرەدا وەك ناو دەردەکەوێت (Stagebe, N.C: 1971, 93). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم دیاردەیە تەنیا لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانەکانی تریشدا بەدی دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە تەنیا لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدایە، بۆیە تەنیا چەند زانیاریەکی کەم دەربارەی ئەو مۆرفیمانەی کە زیاتر لە دوو ئاست ئەرك دەگێڕن خراوەتەڕوو.

**٤/ ڕۆڵی پێشگرەکان لە پێکهێنانی وشەی داڕێژراودا:**

مۆرفیمە بەندە دارشتنەکان، هەروەك لە پێشتردا ڕوونکراوەتەوە، ڕۆڵیان لە سازکردنی وشەی نوێ و زیادکردنی وشە لە زماندا هەیە، ئینجا لێرەدا پێویستە باسێك لە پێشگرەکان بکرێت، کە تاوەکو چەندە پێشگرەکان ڕۆڵیان لە دارشتنی وشەدا هەیە. هەروەك دەزانرێت کە وشەی داڕێژراو بریتییە لەو وشەیەی، کە لە وشەیەکی واتادار و زیادەیەك پێکدێت، کە ئەو زیادەیە بە تەنیا واتا نابەخشێت، ئەم زیادەیەش یان بە پێش یان بە دواوەی وشەکەوە دەلکێ و وشەی داڕێژراو دروست دەبێت (سەعید، ٢٠١٣: ٢٢). مۆرفیمە وشە

داڕێژەکان لە فەرهەنگدا کاردەکەن و ئەرکیان داڕشتنی وشەی نوێیە بەرامبەر چەمك و دیاردەی نوێ.

پێشگرەکان ڕۆڵیان لە داڕشتنی بەشەکانی ئاخاوتندا هەیە، زاراوەیەکی زمانەوانییە، بەو بەشە دەوترێت، کە لە (برگە)یەك یان زیاتر پێکدێت و دەکەوێتە پێش بنەمای وشەوە و دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕواڵەت و واتا و ناوەڕۆکی وشەکەو، ئەویش وەك هەموو بەشەکانی تری زمان، لە پڕ دەرنەکەوتووە، بەڵکو لە بەرەوەو بەپێی پێویست و لەسەر بنەمای زمانەکە خۆی و لە زمانەکەشەوە پەیدابووە (عەبدول، ٢٠٠١: ٨٩). ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو، ئەو پێشگرانەن کە لە زمانەکەدا ڕۆڵیان لەپێکهێنانی بەشە ئاخاوتنەکانی زمانی کوردیدا هەیە.

**٤-١: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو:-**

**٤-١-١: ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر ناو، ناوی داڕێژراو دروست دەکەن، وەك:**

ناوی داڕێژراو ئەو ناوەیە، کە لە مۆڕفیمێکی سادە و زیادەیەك پێکدێت، جا زیادەکە پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکەوە دەبن، ناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا دەکرێتە چەند جۆرێك، وەك: (ناوی پیشە، ناوی واتایی، ناوی شوێن، ناوی بچوککراوە....هتد.) (عبدالله، ٢٠٠٧ :٣٣). ئەمەش دەریدەخات کە ناوی داڕێژراو هەمیشە دەبێت زیادەیەکی لەگەڵدابێت و، ئەم زیادەیەش مۆڕفیمی بەندی داڕشتنە لە زماندا. زۆربەی سەرچاوەکانی زمانی کوردی ئاماژە بەوە دەکەن، کە ناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا زیاتر بەهۆی پاشگرەکانەوە دروست دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ پێشگر هەن، کە جگە لە ناو دەچنە سەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن. ئەوەی جێی مەبەستە لێرەدا باستی ئەو پێشگرانە بکرێت، کە ڕۆڵیان لە ڕۆنانی ناوی داڕژاو لە زماندا هەیە.

1- پێشگری (لە -): یەکێکە لە مۆڕفیمە بەندەکانی زمانی کوردی و، لە زۆربەی ئاستەکانی زماندا ئەرك دەگێڕێت، وەك مۆڕفیمی بەندی داڕشتن، یەکێکە لە مۆڕفیمانەی، بەپێی ئەو ئەرکانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا دەبینرێت، چ وەك پێشگر، چ وەك پاشگر، چ وەك ناوبەند، بۆیە بەلای ئێمەوە کەم توانا نییە. (لە) لە بنەڕەتدا پێشبەندە، بەڵام لەگەڵ ئەو وشانەی لەگەڵیدا هاتووە ئەرکی وشەسازییان بەجێهێناوە و بوونەتە پێشگر و وشەی داڕێژراویان دروستکردووە. مۆڕفیمی (لە -) دەچێتە سەر (ناو)، ناوی داڕێژراو دروست دەکات، وەك:

پێشگری (لە -) + ناو = ناوی داڕێژراو

لە + یاد = لەیاد

لە + جێ = لەجێ

لە + ڕوو = لەڕوو

لە + بار = لەبار (طاهر، 2021: 128).

ئەم نمونانەی سەرەوە بەڵگەن، بۆ ئەوەی، کە (لە) وەك پێشگرێك توانای ئەوەی هەیە، بچێتە سەر ناو و ناوی داڕێژراو دروستبکات، جگە لەم ئەرکە، ئەرکی تریشی هەیە، کە دواتر باس دەکرێت کە چۆن پێشگری (لە-) دەچێتە سەر بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتن و وشەی تازە دروستدەکات.

2- پێشگری (هاو -): ئەرکی داڕشتنی ناوی داڕێژراو دەبینێت و لەگەڵ ناودا دێت و ناوێکی داڕێژراو دروستدەکات، بەزۆریش لەگەڵ ناوی گشتی مرۆڤدا دێت و ناوی داڕێژراو دروستدەکات بەم شێوەیە:

پێشگری (هاو-) + ناو = ناوی داڕێژراو

هاو + سەر = هاوسەر

هاو + وڵات = هاووڵات

هاو + ڕێ = هاوڕێ

هاو + ڕاز = هاوڕاز

هاو + دەم = هاودەم

ئەم پێشگرە هەندێکجاریش لە شێوەی (هام-) و (هەو/هەم -)دەردەکەوێت:

(هام-) هام + ڕاز = هامڕاز

(هەو-) هەو + نشین = هەونشین (هەم نشین)

یاخود هەندێکجار لە شێوەی (هەڤ-)دا دەردەکەوێت:

(هەڤ-) هەڤ + بەش = هەڤبەش

(هەڤ-) هەڤ + پشك = هەڤپشك (عبداللە، ٢٠٠٧: ٧٩).

کەواتە ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ناودا دێت و هەندێکجاریش لەگەڵ کرداردا چالاکە، لە هەموو بارێکیشدا ئەرکی پێکهێنانی ناوی داڕێژراو دەبینێت.

3- پێشگری (لا -) : مۆرفیمی (لا) وەکو مۆرفیمێکی ڕیشەیی (سەربەخۆ)، لە زۆربەی بارەکاندا، وەکو وشەیەکی سەربەخۆ بەدیار دەکەوێت و ئەرك دەبینێت، بەڵام دەگونجێت وەکو مۆرفیمی وشەداڕێژ، لەگەڵ وشەی تردا، بەشداری لە دروستکردنی وشەی داڕێژراودا بکات، وەك: (لاچوو ، لابرد ، ...هتد)، هەندێك وشەی سادە هەیە لە زمانی کوردیدا، لە هەندێك بەکارهێناندا، ڕووەو پێشگر یان پاشگر بوونەتەوە، وەك: (سەر ، بەر ، پێش ، لا ، .... هتد)، زمانەوانان لەبارەی ئەم مۆرفیمانەوە بۆچوونێکی یەکگرتوویان نییە، هەندێکیان لەو باوەڕەدان، کە ئەمانە تەنیا وشەی سادەن، هەندێکی دیکە وا دادەنێن، کە ئەم مۆرفیمانە وشەی سادەن، بەڵام لە هەندێك بەکارهێناندا، وەکو پێشگر یان پاشگر خۆیان دەنوێنن، بۆچوونی ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونانە یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە ئەم مۆرفیمانە وشەی واتادارن، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە مۆرفیمی

(لا) زۆر چالاکە لە یەکگرتنی لەگەڵ وشەی بەشە ئاخاوتنەکانی تردا بۆ دروستکردنی وشەی ناسادەی نوێ، کە بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:

مۆرفیمی (لا) وەکو مۆرفیمێکی وشەداڕێژ دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی ناو و وشەی ناسادەی نوێ لە جۆری (ناوی سادە ، ئاوەڵناوی ناسادە ، ئاوەڵکاری ناسادە) دروست دەکات، وەك:

1) ناوی سادە، وەك: (لادێ ، لایەنگر ، لاکێشە .....) (رسول، ٢٠١٦: ٣٠٣-٣٠٤).

ئەگەر سەیری ئەم نمونانەی سەرەوە بکەین دەبینین کە ئەمانە ناوی ناسادەن، نەك ناوی سادە، کە پێمان وایە نووسەر لێرەدا بەهەڵە نووسیویەتی (ناوی سادە)، کە لە ڕاستیدا دەبوایە بینووسیبا ناوی ناسادە، چونکە هەریەك لەم وشانە وشەیەکی داڕێژراون نەك سادە، هەروەها خۆشی لە پێش نمونەکان دەڵێت وشەی ناسادەی نوێ دروست دەکات، بەڵام لە دواییدا نووسەر دەڵێت: بۆ نمونە ناوی سادە دروست دەکات، واتە پێچەوانەی ئەوەی کە لە پێشدا دەیڵێت، کە لەوانەیە هەر مەبەستی ناوی ناسادە بێت، بەڵام بە هەڵە نووسراوە، چونکە تەواوی نمونەکانیش نمونەی ناسادەن. (لا) پێشگرێکە کەڵێن دەگرێتەوە، هەر واتایەك یاخود هەڵوێستێك یاخود وێنەیەکی زەینکرد کەنارگیریی تێدابوو (لا)ی بۆ دەست دەدات. (مەسعود محەمەد) لە کتێبی زاراوەسازی پێوانەدا ڕای خۆی سەبارەت بە زاراوەی (لاشەڕ) دەردەبڕێت، بەرامبەر وشەی (شەڕنەویست)، کە پێی وایە ناوی مەعنایەتی بەلای ئەوەوە وشەیەکی زۆر گونجاوە بۆ کەسێك کە حەزی لە شەڕ نەبێت و دوور بێت لە شەڕ، هەروەها وشەی ((لادین)) بە یەکێك دەوترێت کە فەرمانبەری دین نەبێت، نەك خوانەناس ((ملحد)) بێت، وشەکەش وشەیەکی کوردییە نەك عەرەبی، کە گوترا ((لادینی)) بە (ی) گۆتراو دەبێتە عەرەبی وشەی ((دین)) وشەیەکی کۆنی کوردییە لە ئاڤێستادا ((دەئین)) بووەو گۆڕاوە. ((لادین)) هێندەی ((بێدین)) کۆن نییە. هەروەها وشەی ((لاچەپ)) خۆی زاراوەیە بۆ جێگا ((منعزل)) دوورەپەرێز، کەنارگیرە بۆ مرۆڤ دەشێت، ((لاتەریك))یش بۆ مرۆڤ دەگوترێت. ((لاکێش)) بە دوو واتا دێت: یەکیان ڕایەخێکە بەرتەسکترە لە ((میانە)) ((یەکپارچە)) و ((سەرەندازە)) بە تەنیشتیەوە ژوور پردەکاتەوە، ئەوەی دیکەش بە یەکێك دەڵێن جغارەکێش بێت لەم و لەو جغارە وەربگرێت، بە قیاس لە ((کێش))ی جغارە دەشێ ((لاخۆر)) فراوانتر بکەینەوە. هەروەها وشەی ((لاترێزە)) هەرچەندە بۆ زاراوە قیاس هەڵناگرێ، بەڵام هەڵدەگرێ خوێنەر سەرێکی پێدابگرێ، چونکە لەوانەیە فەرامۆش بکرێت، بۆ نمونە دەگوترێت: فڵان کەس دەمانچەی بە لاترێزەیدا کردووە. دیارە لاترێزە ئەو شوێنەیە کە دەمانچەی پێوە شۆڕ دەبێتەوە لە لەشی مرۆڤ (محەمەد، ٢٠١٦: ١٢١-١٢٢). واتە مۆرفیمی (لا) وەك مۆرفیمێکی بەندی دارشتن ڕۆڵی لە دارشتنی ناوی داڕێژراودا هەیە.

4- پێشگری (بەر -): لە بواری زاراوەسازیدا، یەکێك لە بەکارهێنانە بە بڕشتەکەی ئەوەیە کە ناوی بەرکار دروست دەکات.

ناوی بەرکار: ناوێکی گشتییەو لە چاوگەوە وەردەگیرێت و بکەرەکەی تێدا بەدی ناکرێت و ڕووداوەکەی دەکەوێتەسەر و بەهۆی واتاو و بەردەوامی کردەوە کەوتۆتە سەری، بۆی

بۆتە سیفەتێك و دۆخێكی هەمیشەیی كەس و كاتیشی تێدا نییە، هەروەها (ناوی بەركار، ئاوەڵناوی بكەریشی پێدەڵێن (طاهر، 2021: 116). بەنمونە وەك:

بەرپرس

بەركوت

بەرهەست

بەربار

بەرشەق

بەرترس

هەروەها ناوی كارا دروست دەكات و وەكو پێشگر خۆی دەنوێنێت.

ناوی كارا: ئەو ناوەیە، كە بەهۆی قەدی چاوگەوە ڕۆدەنرێت، واتە لێرەدا ئەم پێشگرە بەیارمەتی چاوگەكان ناوی كارا ڕۆدەنێت (ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی، ١٩٧٦: ٩٦). وەك:

بەرگر

بەردەستە

بەرگا (عبدالله، ٢٠٠٧: ١٢٢).

لەمەوە دەردەكەوێت كە مۆرفیمی (بەر) وەك پێشگر ڕۆڵی لە دروستكردنی ناودا هەیە.

5- پێشگری (شا -) : لە هەڵسەنگاندنی قسەلێكراودا بڕشتی هەیە و دەتوانێت وشەی نوێ بەدەستەوە بدات، بۆ نمونە:

- شامەبەست لە بری (القضیة المركزیة) بەكارهاتووە، هەروەها شاڕستە لە بری (الجملة الأصلیة) بەكاریان هێناوە، هەروەها مۆرفیمی (شا) لەم وشانەدا وەكو پێشگر دەردەكەوێت، وەك:

شادەمار

شاڕێ

شاگوڵ

- دیارە كە پێشگری (شا-) بۆ مەدحە نەك شكاندنەوە.
- جگە لە مەدح پێویستە (شا) بۆ شتێك بەكاربێت كە هەبێت، نەك وەك وشەی (گرنگ) بۆ هەیە و نییە دەست بدات، هەبوونیشی دوو شێوەی هەیە، یەكێكیان ئەو بەر هەستە مادییەیە كە دەیزانیین، ئەوەی دیكەشیان هەبوونی (إعتباري) وەك كە لە نەخشە پڕۆژەدا لایەنێك بە (شا....) دابنرێت.
- هەندێكجار پێشگری (شا) لەگەڵ (سەرەكی) یەكدەگرێتەوە وەك ئەوەی بڵێین: شاپڕۆژە، یانی پڕۆژەی سەرەكی، هەندێكجاریش لەیەكدەترازێن وەك دەڵێن: شاكار ،

شاگوڵ، بەڵام بۆ هەمان واتا نالێین کاری سەرەکی، گوڵی سەرەکی. (محەمەد، ٢٠١٦: ١٢٠-١٢١).

بەکورتی پێشگری (شا-) لە بواری خۆیدا بەکەڵکی زاراوەی هەموو بابەتێك دێت، بەو مەرجەی بابەتە کە مەدحی تێدابێت یاخود بە جۆرێك لە جۆرەکان جێ دەستنیشانکردنێك یان هەڵاواردنێکی تێدا بێتەوە.

**٤-١-٢: ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناو بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو:**

دوای گەڕانێکی زۆر بەدوای ئەو نمونانەی، کە تێیدا پێشگرێك چوبێتە سەر ئاوەڵناوی سادەو ناوی داڕێژراو دروستبکات، شتێکی ئەو تۆ دەستنەکەوت، کە ئاوەڵناو بە یارمەتی پێشگر، ناوی داڕێژراوی دروستکردبێ.

**٤-١-٣: ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵکردار بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو:**

ئەویش هەروەك ئاوەڵناو زۆر بەکەمی پێشگر لە زمانی کوردیدا دەچێتە سەر ئاوەڵکردار بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو، بۆیە دوای گەڕانێکی زۆر لە زۆربەی سەرچاوەکان شتێکی ئەو تۆمان دەست نەکەوت، کە بەشداربێت لە دروستکردنی ناوی داڕێژراو بەهۆی ئاوەڵکردارەوە.

**٤-١-٤: ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر چاوگ و قەد یاخود ڕەگ بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو:**

1- پێشگری (ڕا -) : ئەم پێشگرە دەچێتە سەر ڕەگ و ناوی داڕێژراو دروست دەکات، وەك:

(ڕا-) + هێن = ڕاهێن

(ڕا-) + پەڕ = ڕاپەڕ

(ڕا-) + سپێر = ڕاسپێر (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٥٠).

ڕا + گر (ڕەگ) = ڕاگر

(ڕا-) + چاوگ = ناوی داڕێژراو وەك:

ڕا + پەڕین = ڕاپەڕین

(چاوگی داڕێژراویشن)

ڕا + تەکان = ڕاتەکان

واتە (ڕا) یەکێکە لەو پێشگرانەی کە دەتوانێت بچێتە سەر چاوگ و ڕەگ، ناوی داڕێژراو دروست بکات، هەروەها ئەم پێشگرە پۆلی وشەکە دەگۆڕێت لە چاوگەوە بۆ ناو.

2- پێشگری (هەڵ -) : ئەم مۆرفیمە بەندە یەکێکە لە مۆرفیمە بەندانەی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، وشەی داڕێژراوی جۆراو جۆر و ئاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە، وەك:

هەڵپەرکێ

هەڵپەساردن

کەرتی هەندێ وشە وەکو هاوشێوەو هاوبێژی پێشکاری (هەڵ-) خۆی دەنوێنێت:

هەڵبژاردن

هەڵمێشك (ئۆمەر، ٢٠٠٣: ١٢٣).

هەڵكەوت

هەڵبەست

هەڵمەقۆ

3- پێشـگری (دا-) : ئەم مۆرفیمە بەنـدە داڕشتنە یەكێكە لەو پێشـگرانەی، كە بەزۆری لەگەڵ ڕەگ و كار و چاوگ و لێوەرگیراوەكان، گەلێك وشـەی داڕێژراو (كـار و چـاوگ و وشـەی داڕێژراو و تێكەڵ) دێننە بەرهەم، بەشێوەو واتای تازە و جودا لە وشە بنجەكان.

ئەم پێشـگرە بەگشـتی ئاراسـتە و جـوڵەی واتــای خـوارەوە، بەرەو خـوار دەگەیێنێـت، پێچەوانەی پێشگری (هەڵ-) لە ڕووی واتای چەمكی بەرزی و نزمـی و خـوارەوە بەگشـتی لە زۆر وشەدا پێچەوانەو بەرامبەر یەكن، وەك:

هەڵبەز و دابەز
دانیشتن و هەڵسان
داگرتن و هەڵگرتن
دانانەوە و هەڵدانەوە

ئەم پێشكارە ڕۆڵێكی گرنگی بۆ گەشە و دەوڵەمەندی زمان لە هەردوو ڕووی كەرەستە و واتـــادا هەیە، چـــونكە ژمـــارەیەكی زۆر وشـــەی داڕێـــژراو بە هاوكـــاری چـــاوگ و لێوەرگیراوەكـان دێنێـتە بەرهەم، هەروەهـا لە توانـای دایە نـاوی داڕێـژراو بێنێـتە بەرهەم بەهۆی چاوگ و كارەوە، بۆ نمونە:

(دا-) + هات = داهات

(دا-) + هێن = داهێن

(دا-) + نیشتوو = دانیشتوو

(دا-) + نیشگا = دانیشگا

(دا-) + ڕێژەر = داڕێژەر

(دا-) + پڵۆسێنەر = داپڵۆسێنەر (ئۆمەر، ٢٠٠٣: ٣٦-٣٧).

دا-) + خواز = داخواز

(دا-) + دۆش = دادۆش (ئەو كەسەی شیر دەدۆشێ)

(دا-) + ژیار = داژیار (ڕسق ، ڕۆژی)

ئەمانەو چەندان وشەی تر، کە بەهۆی (دا -)وە دروست دەبن.

4- پێشگری (هاو -) : ئەم مۆرفیمە لەگەڵ کردار هەندێکجار ناوی داڕێژراو دروست دەکات، بۆ نمونە:

(هاو -) + ڕەگی ڕانەبردوو ⟵ ناوی داڕێژراو

(هاو-) + پێچ ⟵ هاوپێچ

- هەندێکجاریش ئەم پشگرە بە یارمەتی پاشگرێك ناوی داڕێژراو دروست دەکات وەك:

هاو - / + ڕەگی ڕانەبردوو + پاشگری (- ە)

(هاو -) + کێش + (- ە) ⟵ هاوکێشە (حەمەدەمین، ٢٠١٤: ٦٨).

5- پێشگری (ب) : یەکێکی تر لەو پێشگرانەی کە دەچنە سەر ڕەگ و ناوی داڕێژراو دروستدەکات مۆرفیمی (ب) ناوی بکەری دروستدەکات، بۆ نمونە:

پێشگر + ڕەگ + پاشگری (- ەر) = ناوی داڕێژراو

(ب -) + خۆ + ەر ⟵ بخۆر

(ب -) + کە + ەر ⟵ بکەر

(ب -) + دە + ەر ⟵ بدەر (طاهر، 2021: 268).

ئەم وشانە وەك ناوی بکەر بەکاردێن بەهۆی پێشگری (ب -) دروست بوون.

ئەمانەی سەرەوە چەند پێشگرێك بوون، کە لە چوونە سەر (چاوگ و قەد و ڕەگ) ناوی داڕێژراویان لێ دروست بووە. لە زمانی کوردیدا پێشگر کەمتر چالاکە بە بەراورد بە پاشگر، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ .

**٤-١-٥: ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر ژمارە بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو:**

لە ڕووی پێکهاتنەوە ژمارە خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی وەهایە، کە لە بەشە ئاخاوتنی تر جیایە. ژمارەکانی زمانی کوردی لە ڕێگای هەمەجۆرەوە دەردەبڕدرێن ڕێگەی هەرەباو ڕێبازی (کۆکردنەوە) و (لێکدان)ە، ڕێبازی کۆکردنەوە بۆ سازبوونی ژمارە (١١ – ١٩) و هەموو ئەو ژمارانەی بە هۆی مۆرفیمی پەیوەستی (و) پێکدێن بەکاردەهێنرێت، ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوەیە کە ژمارە توانای وەرگرتنی هیچ پێشگرێکی نییە و پێشگر وەرناگرێت، پاشگری لەشێوەی مۆرفیمی وشە داڕێژیش بە بەراورد لەگەڵ ناودا بەکەمی وەردەگرێت، کەچی ناو لە وەرگرتنی پێشگر و پاشگر چالاکە، لە لایەکی ترەوە ژمارە مۆرفیمەکانی (ناسیاوی، نەناسیاوی، کۆ ..... هتد) وەرناگرێت، چونکە لە واتاکەیدا ئەو دیاردانە هەیە کە باسکران (رسول، ٢٠١٢: ٦٨-٦٩). کەواتە لێرەدا ناتوانرێت هیچ پێشگرێك دەستنیشان بکرێت بۆ ژمارە بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو.

**٤-٢: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو:-**

**٤-٢-١: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو:**

1- پێشگری (بێ -):

(بێ + ناو = ئاوەڵناوی داڕێژراو) وەك:

بێ + هێز = بێهێز

بێ + سوود = بێسوود

بێ + خەم = بێخەم

بێ + ناز = بێناز

بێ + هۆش = بێهۆش

بێ + خەو = بێخەو

بێ + پێز = بێپێز

بێ + ڕێز = بێڕێز

بێ + توانا = بێتوانا (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٤٩).

بێ + دەم = بێ دەم

بێ + دین = بێ دین

بێ + ڕێ = بێ ڕێ

بێ + گوێ = بێ گوێ

بێ + هاوتا = بێ هاوتا

بێ + نەوا = بێ نەوا

بێ + مێشك = بێ مێشك

بێ + لانە = بێ لانە

بێ + دەنگ = بێ دەنگ

بێ + زات = بێ زات

بێ + كەس = بێ كەس

ئەم نمونانەی سەرەوە دەریدەخات، كە مۆرفیمی بەندی (بێ) وەك پێشگر ڕۆڵ دەگێڕێت لە دروستكردنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا، كاتێك دەچێتە سەر ژمارەیەكی زۆر لە ناو، دەتوانێت ئاوەڵناو بەرهەم بێنێت، كەواتە ئەم مۆرفیمە ئەركی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن دەبینێت لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو، هەروەها جگە لە ناو دەتوانێت بچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی تریش، كە لە دواتر باسی دەكەین كە دەچێتە سەر ئاوەڵناویش، بەمەش وشەی تازە دەهێنێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە.

2- پێشگری (بە -) : یەكێكی تر لەو پێشگرانەی كە دەچێتە سەر ناو بۆ دروستكردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو پێشگری (بە-)یە، ئەم پێشگرە دەچێتە سەر ناو و دەیكات بە ئاوەڵناو، ژمارەیەكی زۆر وشەی تازە دێنێتە ناو فەرهەنگەوە و ڕۆڵێكی كارای هەیە لە داڕشتنی وشەی زمان وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

(بە-) + ناو = ئاوەڵناوی داڕێژراو

(بە-) + ڕێز = بەڕێز

(بە-) + پێز = بەپێز

(بە-) + تام = بەتام

(بە-) + گوڕ = بەگوڕ

(بە-) + تین = بەتین

(بە-) + جەرگ = بەجەرگ

(بە-) + کار = بەکار
(بە-) + شکۆ = بەشکۆ (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٤٩).
(بە-) + زمان = بەزمان
(بە-) + بەر = بەبەر
(بە-) + پشت = بەپشت
(بە-) + ئاگا = بەئاگا

**٤-٢-٢: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناو:**

1- پێشگری (نە -): ئەم مۆرفیمە بەندە دەچێتە سەر ئاوەڵناوی سادە و دەیکاتە ئاوەڵناوی داڕێژراو، واتە ڕۆڵی ئەوە دەگێڕێت پێکهاتەی ئاوەڵناو دەگۆڕێت لە سادەوە بۆ داڕێژراو، هەروەها وشەیەکی تازە دێنێتە بەرهەم بۆ واتاو مەبەستێکی جیاواز، جگە لەوەی (نە) بەزۆری بۆ حاڵەتی نەرێی وشەکە بەکاردێت، واتە زیاتر دەچێتە سەر ئەو شتانەی کە حاڵەتی نەرێ و نێگەتیڤ نیشان دەدەن، وەك ئەم وشانەی خوارەوە:

(نە-) + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی داڕێژراو
(نە-) + ساغ = نەساغ (خۆشناو، ٢٠٠٩: ٤٦).
(نە-) + خۆش = نەخۆش

پێشگری (نە-) دەتوانێت لەگەڵ پاشگری (ی-) وشەیەك بخەنە نێوانی خۆیان و وشەیەکی تری لێدابرێژن، کە بەمەش دەوترێت پێکەوەهاتن(کۆنفێکس)، بۆ نموونە:

(نە-) + خۆش + (ی-) = نەخۆشی

2- پێشگری (نا -): ئەم مۆرفیمە بەندە دەچێتەسەر ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکات، وەك:

(نا-) + پاك = ناپاك
(نا-) + خۆش = ناخۆش
(نا-) + ڕاست = ناڕاست
(نا-) + ساغ = ناساغ

ئەم دوو پێشگرە کە دەچنە سەر ئاوەڵناو، ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکەن، پێشگری (نە-) لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا زۆر چالاکە و (نا-) بەدەگمەن بەکاردێت، ئەم دوو پێشگرە کە لە بنەڕەتدا ئامرازی نەفین و مۆرفێکی گشتی زمانە هیندۆ ئەوروپیەکانە.

**٤-٢-٣: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵکردار:**

ئەو پێشگرانە دەچنە سەر ئاوەڵکردار، بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو: ئاوەڵکردار لەڕووی بەشداریکردنی لە دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو زۆر کەم بەشدارە، هەر بۆیەش هیچ پێشگرێك نیە کە بچێتە سەر ئاوەڵکردار و ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست

بکات، بۆ ڕۆنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو پێشگر دەچێتە سەر (ناو ، ئاوەڵناو کردار، بەڵام ناچێتە سەر ئاوەڵکردار) (مارف، ١٩٩١: ٨٦).

**٤-٢-٤: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر چاوگ و ڕەگ و قەد:**

1- پێشگری (نە -) وەك :
(نە-) + مر = نەمر
(نە-) + بەز = نەبەز
(نە-) + زان = نەزان
(نە-) + هات = نەهات
(نە-) + وێران = نەوێران (مارف، ١٩٩١: ٨٣).

واتە ئەم پێشگرە دەچێتە سەر ڕەگی کار یاخود چاوگ و قەد بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراو، مۆرفیمێکی چالاکە و توانای هەیە بچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز و وشە و زاراوەی نوێ بەرهەم بێنێت و پۆلی وشەکەش بگۆڕێت.

2- پێشگری (ب-) ئەم پێشگرەش دەچێتە سەر ڕەگی کار و ئاوەڵناوی داڕێژراو ڕۆدەنێت، وەك ئەم نمونانە:
(ب-) + وێر = بوێر
(ب-) + نووس = بنووس
(ب-) + کوژ = بکوژ
(ب-) + بڕ = ببڕ (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٨٤).

ئەمەش دەریدەخات کە ئەم پێشگرە توانای ڕۆنانی وشەی تازەی هەیە، هەروەها پۆلی وشەکەش دەگۆڕێت.

**٤-٢-٥: ئەوپێشگرانەی دەچنەسەر ژمارە:**

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە کە ژمارە توانای وەرگرتنی هیچ پێشگرێکی نییە، هەر بۆیە هیچ پێشگرێك نەخراوەتەڕوو.

**٤-٣: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز بۆ پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو:-**

**٤-٣-١: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ناو:**

1- پێشگری (بێ-): ئەم پێشگرە دەچێتەسەر ناو ئاوەڵکرداری داڕێژراو دروستدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە ئەم مۆرفیمە بەندە بە مۆرفیمێکی چالاك دەبینرێت لە دروستکردنی وشەی نوێدا، هەروەها توانای گۆڕینی بەشە ئاخاوتنیشی هەیە، ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن کاتێك کە دەچێتە سەر ناوێك و ئاوەڵکردارێکی داڕێژراو ڕۆدەنێت، وەك:

(بێ- ) + گومان = بێ گومان
(بێ-) + وچان = بێ وچان
(بێ-) + شك = بێ شك
(بێ-) + باك = بێ باك (مارف، ١٩٩٨: ١٥٣).

هەروەها ئەم پێشگرە هەندێكجار لەگەڵ پاشگرێك دەچێتە سەر هەمان وشە و ئاوەڵكرداری داڕێژراو دروستدەكات، وەك:

پێشگری (بێ-) لەگەڵ پاشگری (- انە) :

بێباكانە

بێشەرمانە

بێئاكامانە

بێئاقڵانە .... هتد.

واتە ئەم پێشگرە لەشێوەی كۆنفێكس دەردەكەوێت و بەیاریدەی پاشگرێك وشەیەكی نوێ دێنێتە بەرهەم. هەروەها بەیاریدەی پاشگری (ی) دەتوانێت ئاوەڵكرداری داڕێژراو بەرهەم بهێنێت، وەك :

(بێ-) + باك + ی = بێباكی

(بێ-) + ناز + ی = بێنازی

(بێ-) + نوێژ + ی = بێ نوێژی

(بێ-) + وێنە + ی = بێ وێنەی

2- پێشگری (بە -): ئەم پێشگرە ڕۆڵی لە دروستكردنی ئاوەڵكرداری داڕێژراودا هەیە، كاتێك دەچێتە سەر ناو، بەم شێوەیە :
(بە -) + ناز = بەناز
(بە -) + شەو = بەشەو
(بە -) + ڕۆژ = بەڕۆژ
(بە -) + ئاگا = بەئاگا (عبدالله، ٢٠٠٧: ٨٦).

**٤-٣-٢: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵناو:**

1- پێشگری (بە -): ئەم پێشگرە زۆرجار بە یارمەتی پاشگری (ی) كە دەچنە سەر ئاوەڵناوێك، دەیكەن بە ئاوەڵكرداری داڕێژراو، واتە وەك كۆنفێكس دەردەكەون، وەك :
(بە-) + ژیر + ی = بەژیری

(بە-) + خۆش + ی = بەخۆشی

(بە-) + باش + ی = بەباشی

(بە-) + چاك + ی = بەچاكی

(بە-) + جوان + ی = بەجوانی

(بە-) + هەژار + ی = بەهەژاری

(بە-) + گشت + ی = بەگشتی

(بە-) + تایبەت + ی = بەتایبەتی

(بە-) + ئاقڵ + ی = بەئاقڵی (مارف، ١٩٩٨: ١٥٨-١٥٩).

ئەمانە و چەندان نمونەی تر كە بەهۆی ئەم پێشگرە دێنە ئاراوە.

2- پێشگری (بە -): بە یارمەتی پاشگرەكانی (- ەتی) و (- ێتی) و (- ایەتی) و (- ایی)، وەك :

1) (بە-) + ئاوەڵناو + (- ەتی) = ئاوەڵكرداری داڕێژراو

(بە-) + گەورەی + (- ەتی) = بەگەورەیەتی

(بە-) + سپی + (- ەتی) = بەسپیەتی

(بە-) + پیاو + (- ەتی) = بەپیاوەتی

2) پاشگری (- ایەتی) وەك :

(بە-) + دۆست + (- ایەتی) = بە دۆستایەتی

(بە-) + دوژمن + (- ایەتی) = بە دوژمنایەتی

3) پاشگری (- ایی) وەك :

(بە-) + قووڵ + (- ایی) = بە قووڵایی

(بە-) + پان + (- ایی) = بە پانایی

(بە-) + تاریك + (- ایی) = بە تاریكایی (مارف، ١٩٩٨: ١٥٩).

ئەمەش دەریدەخات كە (بێ، بە) ڕۆڵێكی چالاك، لە دروستكردنی ئاوەڵكرداری داڕێژراودا دەگێڕن، ئەم دوو پێشگرە توانایان هەیە بچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو) بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری داڕێژراو، هەندێكجار بەبێ پاشگرەكان و هەندێكجاریش بە یارمەتی پاشگرەكان دەتوانن ئاوەڵكرداری داڕێژراو دروست بكەن، كەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین پێشگری (بێ ، بە) دوو پێشگری چالاكن لە دروستكردنی ئاوەڵكرداری داڕێژراو، كاتێك دەیانخەینە سەر ناوێك یان ئاوەڵناوێك بۆ دەستكەوتنی ئاوەڵكردارێكی داڕێژراو.

**٤-٣-٣: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ئاوەڵكردار:**

1- پێشگری (لە -) :

(لە-) + ئاوەڵكرداری سادە = ئاوەڵكرداری داڕێژراوی شوێن

(لە-) + سەر = لەسەر

(لە-) + خوار = لەخوار

(لە-) + بن = لەبن

(لە-) + پێش = لەپێش

(لە-) + ناو = لەناو (طاهر، 2021: 130).

2- مۆرفیمی (لە -) + ئاوەڵکرداری سادە + (-ەوە): بە مۆرفیمێکی چالاك دادەنرێت، بۆ دروستکردنی ئاوەڵکردار کاتێك دەچێتە سەر ئاوەڵکردار و ئاوەڵکردارێکی داڕێژراو دروستدەکات، وەك:

(لە-) + سەر + (- ەوە) = لەسەرەوە

(لە-) + خوار + (- ەوە) = لەخوارەوە

(لە-) + ڕاست + (- ەوە) = لەڕاستەوە

(لە-) + پێش + (- ەوە) = لەپێشەوە

(لە-) + بن + (- ەوە) = لەبنەوە

(لە-) + ناو + (- ەوە) = لەناوەوە (مارف، ١٩٩٨: ١٤٨).

ئەمانەو چەندان نمونەی تر کە مۆرفیمی (لە-) وەك پێشگر ڕۆڵی لە ڕۆنانیاندا دەگێڕێت، لە دروستکردنی وشەی داڕێژراو، هەروەها لێکدراویش کە لە بەشەکانی دواتر باسی ئەرکەکانی تری دەخەینەڕوو.

**٤-٣-٤: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر چاوگ و قەد و ڕەگ:**

1- پێشگری (بە-) : پێشگری (بە-) دەچێتە سەر (چاوگ) و ئاوەڵکرداری داڕێژراو دروست دەکات، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

(بە-) + گریان = بەگریان

(بە-) + سوتان = بەسوتان

(بە-) + لێدان = بەلێدان ...... هتد.

2- پێشگرە (بە-) + قەد + (- وی) : ئەم پێشگرە بەیارمەتی پاشگری (- وی) ئاوەڵکرداری داڕێژراو دروستدەکات، کاتێك دەچێتە سەر قەد، وەك:

(بە-) + مرد + (- وی) = بەمردویی

(بە-) + کوژرا + (- وی) = بەکوژراوی

(بە-) + سوتا + (- وی) = بەسوتاوی

(بە-) + لێدرا + (- وی) = بەلێدراوی

(بە-) + گرت + (- وی) = بەگرتویی ...... هتد. (مارف، ١٩٩٨: ١٦٧).

واتە ئەم پێشگرە (بە -)، دەچێتە سەر (چاوگ و قەد) بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری داڕێژراو، دەتونین بڵێین تاکە پێشگرە، کە ڕۆڵی لە دروستکردنی ئاوەڵکرداری داڕێژراودا هەیە، بەهۆی چاوگ و قەدەوە.

**٤-٣-٥: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر ژمارە:**

ئەو ئاوەڵکردارانەی لە ژمارەوە ڕۆنراون کەمن و بەزۆری لێکدراون و لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەی بێ یاریدە یان دووپاتکردنەوە بەیاریدەی ناوبەندی (بە ، لە .....) سازدەبن، کە ئەمەش بۆ باسکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو دەست دەدات و بۆ ئاوەڵکرداری داڕێژراو

ناگونجێت، بۆیە ژمارە ڕۆڵێکی ئەو تۆی نییە لە دروستکردنی ئاوەڵکرداری داڕێژراو، بەڵام لە ئاوەڵکرداری لێکدراودا چالاکە. لە ڕاستیدا ئەم دوو جۆرە ئاوەڵکردارە لە ڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن، بەڵام لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی) نوری عەلی ئەمین لە لاپەڕە (١٨٧) ئەم دوو جۆرە ئاوەڵکردارەی وەك یەك داناون لەو نمونانەی کە خۆی باسی کردوون.

**٤-٤: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز بۆ دروستکردنی چاوگی داڕێژراو:-**

لە زمانی کوردیدا هەرچی ئاوەڵناوی داڕێژراوە بە یارمەتی پێشگر و پاشگر لە (ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار)ی سادە دروست دەکرێن، بەڵام بەشە ئاخاوتنی (کار) جیاوازە لە ڕۆناندا، چونکە لە کرداردا پێشگر و پاشگر تەنیا بە کردارەوە دەلکێن، جگە لە پاشگری (- اندن) کە دەچێتە سەر ناو دەنگە سروشتیەکان و هەندێك ناوی دیکە دەیانکاتە چاوگ و کردار (مارف، ٢٠١٤: ٩١). کەواتە لێرەدا هیچ پێشگرێك نییە لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر بیخەینەڕوو جگە لەو پێشگرانەی دەچنە سەر کردار.

**٤-٤-١: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر چاوگ:**

هەروەك دەزانرێت کە کرداری داڕێژراو بەهۆی پێشگر و پاشگر دروست دەکرێت، بەڵام لە کرداردا زیاتر بەهۆی پێشگرەکانەوەیە، واتە لێرەدا پێشگرەکان زیاترن و ڕۆڵی زیاتریان هەیە، بە بەراورد بە پاشگرەکان، هەروەها هەرچی (ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار)ی سادەیە بەهۆی پێشگر و پاشگرەوە کە دەچنە سەریان دەبن بە داڕێژراو، بەڵام بۆ ڕۆنانی کرداری داڕێژراو پێشگر و پاشگر هەر تەنیا بە کردارەوە دەلکێن، جگە لە پاشگری (- اندن) کە دەچێتە سەر ناوی دەنگە سروشتیەکان و هەندێك ناوی تر و دەیانکاتە چاوگ و کردار (مارف، ٢٠١٤: ٦٨).

پێشگرەکانیش دوو جۆرن :

- پێشگرە سادەکان:

1- پێشگری (ڕا -) : ئەم پێشگرە بە کار و چاوگەوە دەلکێ، هەروەها لەگەڵ ڕەگ و ڕێژەکانی کاردا دێت، ئەم مۆرفیمە لەگەڵ مۆرفیم و وشەی تر بەهاوکاری ڕەگ ژمارەیەکی یەکجار زۆر وشەی داڕێژراو و ئاڵۆز پێکدێنێت وەك:

(ڕا -) + دەکا = ڕادەکا

(ڕا -) + خست = ڕاخست

(ڕا -) + وەستان = ڕاوەستان

(ڕا -) + هێنان = ڕاهێنان .... (ئۆمەر، ٢٠٠٣: ١١٢).

2- پێشگری (هەڵ -) : ئەم پێشگرە هەروەك لە بەشە ئاخاوتنەکانی تریش ئاماژەمان پێداوە پێشگرێکی چالاکە و دەچێتە سەر زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان و لێرەشدا دەچێتە سەر کردار بۆ دروستکردنی کرداری (چاوگ)ی داڕێژراو، بۆ نمونە:

(هەڵ -) + بژاردن = هەڵبژاردن

(هەڵ -) + پەساردن = هەڵپەساردن

(هەڵ -) + کەوتن = هەڵکەوتن

3- پێشگری (پێ -) : یەکێکی تر لە پێشگرەکان پێشکاری (پێ-)یە، کە پێشگرێکی چالاکەو دەچێتە سەر کردار و کرداری دارێژراو دروست دەکات، وەك:

(پێ -) + کەنین = پێکەنین

(پێ -) + گەیشتن = پێگەیشتن

(پێ -) + گرتن = پێگرتن

(پێ -) + گەیاندن = پێگەیاندن (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ١٢٦).

4- پێشگری (دا -) : ئەم پێشگرە زۆر چالاك و بە بەرهەمە گەلێك مانا دەبەخشێت و بە زۆری ڕێچکەی بزوتنەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە نیشان دەدات، وەك:

(دا -) + کەوتن = داکەوتن

(دا -) + گرتن = داگرتن

(دا -) + خستن = داخستن .... (مارف، ١٩٧٦: ٧٣).

5- پێشگری (تێ -) : ئەم پێشگرە پێشگرێکی چالاکە و بزوتنەوەی ڕوودان بەرەو شوێنێکی دیاریکراو نیشان دەدات، وەك:

(تێ -) + گەیشتن = تێگەیشتن

(تێ -) + گرتن = تێگرتن

(تێ -) + کەوتن = تێکەوتن

(تێ -) + کردن = تێکردن ... (لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کوردی، ٢٠١١، ١٩٧).

6- پێشگری (لێ -) : ئەم پێشگرە چالاکە و دەچێتە سەر کرداری سادە و کرداری دارێژراو سازدەکات، وەك:

(لێ -) + خوڕین = لێخوڕین

(لێ -) + دان = لێدان

(لێ - ) + نان = لێنان

(لێ -) کەوتن = لێکەوتن (عبداللە، ٢٠٠٧: ٨٩).

7- پێشگری (وەر-) : ئەم پێشگرە بزوتنەوەیەکی قەوسی تێدایە، بۆ هەندێ واتای تریش بەکاردێت (لیژنەی زمان و زانستەکانی زانیاری کورد، ٢٠١١: ١٩٧). واتە ئەم پێشگرە دەوری ڕۆنانی کاری دارێژراو دەبینێت، لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر بەرچاو ناکەوێت، بۆ نمونە وەك:

وەر + کەوت ← وەرکەوت

وەر + پێچان ← وەرپێچان

8- پێشگری (ڕۆ-) : ئەم پێشگرە یەکێکە لەو پێشگرانەی کە دەچێتە سەر کاری سادە و کاری دارێژراو دروست دەکات، ئەم پێشگرە لەڕووی واتاوە دەورێکی نزیك لە دەوری پێشگری (دا -) دەگرێێت (لیژنەی زمان و زانستەکان، بەرگی شەشەم، ١٩٧٨: ٤١٥). واتە ئەم پێشگرەش ئاراستەی بەرەو خوارەوە نیشاندەدات، وەك:

(ڕۆ-) + کردن ← ڕۆکردن

(ڕۆ -) + چوون ← ڕۆچوون

بەرامبەر بەو واتایەش هەندێك واتای دەگەیەنێت وەك ڕۆنان، ڕۆهاتن ، ڕۆیاندن ... هتد.

- پێشگرە ناسادەکان:

پێشگرە ناسادەکانیش دوو جۆرن :

1- ئەوانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگری سادەی (پێ ، لێ ، تێ ، ژێ) لەگەڵ پاشبەندی (دا ، ڕا، وە) دروست بوون، وەك:

1) پێشگری (پێدا -) : ئەم پێشگرە لە کرمانجی خواروو و ژوورودا وەك یەك دەبینرێت و ڕێچکەی بزوتنەوە بەسەر ڕووی شتێکدا، یان بۆ ناو شتێکدا نیشاندەدات، وەك:

پێدا + بردن ← پێدابردن

پێدا + چوون ← پێداچوون .....هتد.

2) پێشگری (پێوە -) : ئەم پێشگرە ڕووی بزوتنەوە بەرەو بەرکار نیشاندەدات، وەك:

پێوە + گرێدان ← پێوەگرێدان

پێوە + دروون ← پێوەدروون .....هتد.

3) پێشگری (تێدا -) : ئەم پێشگرە ڕوودانی ناوەوەی شتێك ڕادەگەیەنێت، وەك:

تێدا + بوون ← تێدابوون

تێدا + چوون ← تێداچوون .....هتد.

4) پێشگری (تێوە -) :

تێوە + گلان ← تێوەگلان

تێوە + چوون ← تێوەچوون ....هتد.

5) پێشگری (پێڕا -) :

پێڕا + گەیشتن ← پێڕاگەیشتن

پێڕا + هاتن ← پێڕاهاتن .....هتد.

6) پێشگری (تێڕا -) :

تێڕا + چوون ← تێڕاچوون

تێڕا + بردن ← تێڕابردن ....هتد.

7) پێشگری (لێڕا -) :

لێڕا + هاتن ← لێڕاهاتن

لێڕا + بردن ← لێڕابردن .....هتد. (مارف، ٢٠١٤: ٧٩-٨٠).

2- ئەو پێشگرانەی ناسادەن بە یارمەتی پریپۆزیشنی (دە ، بە ، لە ، وە، ڕە ، گەل ، ڕێك ، یەك)دا دروست بوون:

1) پێشگری (پێك -) ، (بە + یەك): پێکهاتن ، پێکزانین ... هتد.

2) پێشگری (تێك -) ، (دە + یەك): تێکچوون، تێکدان

| بەشەکانی ئاخاوتن | ناو | ئاوەڵناو | ئاوەڵکردار | چاوگ | ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشە ئاخاوتنی ناو | | - (لە -)<br>- (هاو -)<br>- (لا -)<br>- (بەر -)<br>- (شا -) | نییە | نییە | - (ڕا -)<br>- (هەڵ -)<br>- (دا -)<br>- (هاو -)<br>- (ب -) | نییە |
| بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو | | - (بێ -)<br>- (بە -) | - (نە - )<br>- (نا -) | نییە | - (نە -)<br>- (ب -) | نییە |
| بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکردار | | - (بێ -)<br>- (بە -) | - (بە -)<br>- (بە -) + (- ی)<br>(بە -) + (- ەتی)<br>(بە -) + (- اتی)<br>(بە -) + (- ای) | - (لە -)<br>- (لە -) + (- وە)<br>(لە -) + (- ەوە) | - (بە -)<br>- (بە -) + (- وی) | نییە |
| بەشە ئاخاوتنی چاوگ | سادەکان | نییە | نییە | نییە | - (ڕا -)<br>- (هەڵ -)<br>- (پێ -)<br>- (دا -)<br>- (تێ -)<br>- (لێ -)<br>- (وەر -)<br>- (ڕۆ -) | نییە |
| | ناسادەکان | نییە | نییە | نییە | - (پێدا -)<br>- (پێوە -)<br>- (تێدا -)<br>- (تێوە -)<br>- (پێرا -)<br>- (تێرا -) | |
| بەشە ئاخاوتنی ژمارە | | نییە | نییە | نییە | نییە | نییە |

3) پێشگری (لێك -) ، (لە + یەك): لێكدان، لێكچوون
4) پێشگری (ڕێك -) ، (ڕە + یەك): ڕێكگوشین .....هتد.
(عبداللە، ٢٠٠٧: ٩٠).

**٤-٥: ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز بۆ دروستكردنی ژمارەی داڕێژراو:-**

ئەو پێشگرانەی كە ڕۆڵیان لە دروستكردنی ژمارەی داڕێژراودا هەیە، ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بكرێت ئەوەیە، كە ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنەكانی تر نییە لە ڕووی ڕۆنانەوە، بۆیە لێرەدا هیچ پێشگرێك نییە، كە بتوانێ بچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی جیاواز و ژمارەی داڕێژراو دروستبكات.

**خشتەی ئەو پێشگرانەی كە دەچنەسەر بەشە ئاخاوتنە جیاوازەكان و وشەی داڕێژراو دروستدەكەن**

## ئەنجامەکان

1- پێشگرەکان ڕۆڵیان لە داڕشتنی زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکانی زماندا هەیە.

2- بەشە ئاخاوتنی چاوگ/کردار لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر چالاکترە، لە وەرگرتنی پێشگر، بە بەراورد بە بەشە ئاخاوتنەکانی تر، بۆ پێکهێنانی وشەی داڕێژراو.

3- بەشە ئاخاوتنی ژمارە توانای وەرگرتنی پێشگری نییە، بۆ پێکهێنانی وشەی داڕێژراو، جا وشە داڕێژراوەکە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە، چاوگی داڕێژراوبێت.

4- پێشگری (بە -)، یەکێکە لەو پێشگرانەی لەگەڵ زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکاندا دەردەکەوێت، لە پێکهێنانی وشەی داڕێژراو و مۆرفیمێکی چالاکە.

5- جگە لە پێشگرە سادەکان، پێشگری ناسادەش ڕۆڵیان لە پێکهێنانی وشەی داڕێژراودا هەیە، بە تایبەتیش لە داڕشتنی چاوگەکان زۆرتر بەکاردێت.

6- لە پێکهێنانی ناوی داڕێژراودا تەنها بەشە ئاخاوتنی ناو و چاوگ/کردارەکان بە یارمەتی پێشگر بەشداری لە پێکهێنانی ناوی داڕێژراودا دەکەن.

7- لە پێکهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراودا بەشە ئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو زیاتر چالاکترن لە پێکهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو بە یارمەتی پێشگرەکان.

8- بۆ پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو بەشە ئاخاوتنەکانی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و چاوگ/کرداری بەشداری دەکەن.

9- بۆ چاوگی داڕێژراو هیچ بەشە ئاخاوتنێك لە پێکهێنانیدا بەشداری ناکات، لەبەرئەوەی ئەو پێشگرانەی بەشداری لە پێکهێنانی دەکەن، تەنها بە چاوگ یان بە قەدەوە دەلکێن و چاوگی داڕێژراو پێکدێنن.

## Reference


- Abdulla Rozhan Nwry , (2007) , farhangi zman u zarawasazi kurdi , chapi yakam , xanai chap u blawkrdnawai chwar chra .
- Abdwl Jamal , (2001) , barkwleki zansty zarawasazi kurdi , chapi yakam , chapxanai qashang.
- Ahmad Hikmat Raswl , (2010) , nawi darezhraw u grey nawi la dyalekty sarw u nawarastda , namai mastar , kolezhi adab , Zankoy Dhok.
- Ali Sherzad Sabri, Munib Aras, (2016), wshasazi, chapi yakam, chapxanai Hevi, Hawler.
- Baalbaki Ramzi Mnid, (1990), mujala mustalahat al lugawya, al taba al awal, Bairwt.
- Hamadamin Shno Awla , (2014) , fraarki la zmani kurdida , namai mastar fakalty parwarda – Zankoy Koya .
- Katamba, F8 Stonmanj, (2006), morphology, second Edition, palggave, Macmillan.
- Khoshnaw Sherwan Hwsen, (2016), twanai morfimi band la dawlamandkrdni farhang u raparandni arki sintaksida, lekolinawaeky barawrdkarea la newan zmani kurdi u farsida, chapi yakam, chapxanai narin, Hawler.
- Lezhnai zman u zanstakan , (2011) , rezmani axawtni kurdi ba pey lekolinawai lezhnai zman u zanstakan , chapxanai kori zanyari .

- Marf Awrahman Haji , (1991) , rezmani kwrdi wshasazi awalnaw – bargi yakam , bashy seyam, Bagdad.
- Marf Awrahman Haji , (2014) , wshaw ronan la zmani kurdida , chapkhanai rozhhalat , Hawler.
- Marf Awrahman Haji , (1998) , rezmani kurdi , bargi yakam (wshasazi) , bashi chwaram – zhmara u awalkrdar , dazgai roshnbiri u blawkrdnawai kurdi , Bagdad.
- Mhammad Masud, (2016) , zarawasazi pewana , chapxanai rozhhalat , Hawler.
- Omar, Kamal mhammad , (2003) , darwazai farhangi hande peshkari kurdi ,namai mastar , kolezhi parwardai Zankoy Salahadin , Hawler.
- Rashid Salam Rahim, Hamadamin Shno Awla, (2016), mjala ustaz, kulya tarbya ibn alrushd – zankoy bagdad.
- Rasul Babarasul Nwri , (2012) , pekhatai zhmara la zmani kurdida , chapxanai haji hashm , Hawler.
- Rezmani axawtni kurdi ba pey lekolinawai lezhnai zman u zanstakan , chapxanai kori zanyari , (1976) , Bagdad.
- Said Usf Sharif , (2013) , kari lekdraw la zmani kurdi u farsi , chapxanai haji hashm , Hawler.
- Stageberg N.C., (1971), An introductory English grammar, Holt, Rinenart and Winston.
- Tahr Shahab Taib , (2021) , wshasazi karaki (morfema du lanakan ba nmwna) , chapi yakam , dazgay chap u paxshi narin , Hawler.
- Xoshnaw Nariman Abdulla , (2009) , rezmani kurdi basha axawtn , chapi yakam , chapxanai mnara Hawler.